# پێڕست


| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | | ٧ |
| ٢ | مێژووی کوژراو | نالی | ١١ |
| ٣ | لاواندنەوەی تەرمی | سالم | ٤٣ |
| ٤ | ئازادی لە جوگرافیای | کوردی | ٧٧ |
| ٥ | یۆتۆپیای بوون | مەحوی | ٩٩ |
| ٦ | ترسی مردن | مەولەوی | ١١٩ |
| ٧ | دەسەڵاتی جوانی | گۆران | ١٤٥ |
| ٨ | گەڕان بەدوای نەمریدا | گۆران | ١٥٩ |
| ٩ | یۆتۆپیای بەیەك گەیشتن | دڵدار | ١٨٥ |
| ١٠ | کوشتنی دەنگیو پڕۆژەی رابوونەوە | ئەنوەر قادر | ١٩٩ |
| ١١ | قەیرانی شوناس | عەبدوڵا پەشێو | ٢٣٨ |
| ١٢ | پیانۆی ڕۆژهەڵات | کەریم دەشتی | ٢٦٤ |

# پێشەکی

گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا ئەو ئامانجەیە کە ئەم کۆمەڵە خوێندنەوەیە لە پێناویدا بەرهەم هاتوون. دیارە لە هەر خوێندنەوەیەکدا ئەرکی گەڕان بەدوای پرسیارەکانی دەق و شێوازی ئاراستەکردنیان و بەدوای ئەوەشدا گەڕان بەدوای مانا و دەلالەتەکانی دەق و جیهانبینی دەقدا لە دەرەوەی دەق بەرهەم نایەت یان ناگاتە ئەنجام. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بەڵگەنەویستەی کە دەق ئەو بابەت و ناوەندەیە کە کاری خوێندنەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت و پرسیار و مانا و دەلالات و جیهانبینی هەموویان لە چوارچێوەی دەقدا ئاشکرا دەکرێن کە ئەویش لە دەقی زیندوودا دەگاتە ئەنجام.

شتێکی ئاشکرایە لە جوگرافیای شیعری کوردیدا ژمارەیەکی هێجگار زۆر دەق هەیە، بەڵام تاکو ئێستا ڕەخنەی کوردی نەیتوانیووە پۆلێنی ئەو هەموو دەقە بکات و هەر هیچ نەبێت دەقی زیندوو لە دەقی نا زیندو جیابکاتەوە، هەر بەو پێیەش شاعیر لە کەسێکی تر جیا بکرێتەوە کە پێیوایە شاعیرە. گرفتی شاعیری کورد ئەوەیە کە بە خۆڕسکی شیعر دەنووسێت و بێ ئاگایە لە چەمکی شیعر و لە ئەرکی شیعر و لە مەعریفەی شیعری. بێ ئاگایە لەوەی کە چۆن خەیاڵ و ئەندێشە و ئەست بەشداری دەکەن بۆ بارگاوی کردنی زمان بە مانا و دەلالات و مەعریفەی جۆراوجۆر، هەر ئەم بێ ئاگاییە وایکردووە کە نووسراوێکی بێ گیان ، نووسراوێکی بێ مانا، نووسراوێکی خاڵی لە دەلالات و مەعریفەت، نووسراوێکی خاڵی لە ئێستاتیکا، نووسراوێکی خاڵی لە سیحری جوانی.. نووسراوێکی هەژار و دوور لە هەموو بنەماکانی شیعر بەرهەم بهێنێت واتە نووسراوێك کە رووتکراوە بێت لە شیعرییەت. دیارە شیعر لەسەر بنەمای ئامادەبوونی ئەو ڕەگەزانەی پێشەوەو بەرهەمهێنانی شیعرییەت بەرهەم دێت کە بەداخەوە ژمارەیەکی کەم لەو لێشاوە

نووسینەی کە ئێستا بەناوی شیعرەوە فرێدەدرێتە نێو جوگرافیای نووسینی کوردییەوە ناسنامەی شیعری هەیە یان دەقی زیندوی خاوەن ناسنامەیە.

پێم وایە بەهەڵەدا نەچووین ئەگەر بڵێین شیعری کلاسیکی کوردی بەپێی ئامادەبوونی لە جوگرافیای شیعری کوردیدا رووبەرێکی فراوانتر داگیر دەکات و دەتوانین ژمارەیەکی هێجگار زیاتر دەقی زیندووی خاوەن پرسیار و خاوەن جیهانبینی جۆراوجۆر ببینین لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، هەرچەندە بەداخەوە تاکو ئێستاش کارێکی کەمی خوێندنەوە لە سەر شیعری کلاسیکی کوردی کراوە، ئەوەشی کراوە زیاتر کارێکی سەرپێییو بەپێی هەندێ پێوانەی دەرەوەی دەق کراوە، هەر ئەوەش وایکردووە کە دەقە زیندووەکانی شیعری کلاسیکی ئێمە بێدەنگ بکرێن و گوتاری شیعری ئەو قۆناغە نەگاتە مێژووی دوای خۆی یان مێژووی ئێستا. ئەو ناوەشی کە بۆ شاعیرانی کلاسیکی ئێمە ماوەتەوە لەسەر بنەمای تێگەیشتن نییە بەو ئەندازەی کە لە دەرەوەی دەقەکانیان جۆرێك لە پیرۆزی بەناوی تایبەتی خۆیان بەخشراوە.

ئێمە لێرەدا هەوڵماندواە خوێندنەوەی چەند نموونەیەکی دیاری شیعری کلاسیکی کوردی بکەین کە لەوەشدا هەوڵمانداوە خۆمان بە ناوە دیارەکانەوە خەریك بکەین لەوانەش نالی، سالم، کوردی، مەحوی، مەولەوی، هەروەك بەدوای ئەمانیشدا چەند نموونەیەکی شیعری نوێی کوردیمان هێناوەتە بەردەم لێدوان بەو ئومێدەی کە هێڵێکی هاوبەش، یان ڕوانینی هاوبەش لە ڕووی بەرهەمهێنانی شیعریەت و پرسیاری شیعری و جیهانبینی و مانای شیعرییەوە بدۆزینەوە لە نێوانیاندا کە مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نییە کە ئەم کۆمەڵە دەقەی لێرەدا شیمانکردونەتەوە هەمان پرسیار بەرز بکەنەوەو هەمان جیهانبینی بەرهەم بهێنن، نەخێر بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە هەریەکە لەم دەقانەی لە دوو توێی ئەم کتێبەدا شیکراونەتەوە توانای هەڵگرتنی زیاتر لە پرسیارێك و زیاتر لە دەلالاتێکیان هەیە و زیاتر لە مانا و زیاتر لە جیهانبینییەك بەرهەم دەهێنن، کە ئەوەش خاسێتی دەقی زیندووە.

لە هەمان کاتدا هەوڵمانداوە خوێندنەوەی دەقە کلاسیکییەکان و دەقە نوێیەکان بەهەمان میتۆدی ڕەخنەیی بکەین، تا بزانین ئایا دەشێ بە هەمان میتۆدی ڕەخنەیی

دەقی جیاواز لە رووی بنیادی زمانی و لە رووی قۆناغی مێژوویی بەرهەم هێنانەوە بخوێنینەوە؟ دیارە میتۆدە ڕەخنەییەکان لە پێناوی شیکردنەوەی دەق و شۆڕبوونەوە بۆ نێو قولایی دەق و ئاشکراکردنی ئاستە نەبینراوو نادیارەکان هاتونەتە کایەوە، ئەویش بەمەبەستی ئاشکراکردنی گوتاری دەق.

خوێنەری بەرێز ئەم کۆمەڵە شیکردنەوەیەش هەوڵێکی تری متەوازیعانەی منە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، لە کاتێکدا کە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی لە رووی ڕەخنەوە لە قەیرانێکی خنکێنەردایە دڵنیام کە چەندین دەقی زیندووی شیعر و چیرۆك بێ قسە لەسەر کردن دەڕۆن و لە مێژوویی بەرهەمهێنانیاندا نابنە بابەتی قسە لەسەرکردن و بەو پێیەش شوێنی ئەو دەقانە لە بزوتنەوەی ئەدەبی ئێمەدا دەرناکەوێت، بەمانایەکی دی ئەو قەیرانە وا دەکات کە چەندین دەقی خاوەن دەنگ لەگەڵ فڕێدانیان بۆ نێو جوگرافیای ڕۆشنبیری کوردی بێدەنگ بکرێن یان بکوژرێن، ئەویش لەبەر لاوازی ڕەخنەی کوردی و تەنانەت نەبوونی خوێنەری جدیش.

٢٠٠٥/٦/٢٠

